عارەب عوسمان:

# من رقم لە وشەی کلیپە

## نانەکەم لەسەر حەیرانە

عارەب عوسمان جەرجیس، ساڵی ١٩٥٢ لەگەڕەکێکی ساکەگۆڕی تەیراوە لەدایکبووە، هەر لەمنداڵیەوە حەزی لەگۆرانی بووە، لەبەر ئەوە بنەماڵەکەیان هەموویان حەیرانبێژ دەبن، لەوانە فارسی مامیو حاجی عەباسو خدر حەیرانو باوکی، هەتا ژنەکانیشیان حەیرانبێژ بوونە لەوانە دایکی عارەب عوسمان، بەڵام ئێستا پیر بووە بەس لە پرسەو شیندا حەیران لەشێوەی سەردولکە دەڵێت.

*** کەی دەستت بەگوتنی حەیران کردو یەکەمین حەیرانت کەی تۆمارکردووە؟**

– لەپاش مردنی مامۆستا رەسول بێزار گەردی، هەزار رەحمەتی لێبێت، مامۆستا جەودەت شاکرو شێرزاد سەرسپی و مستەفا رەووف و ئەوانە گوتیان تۆ دەنگت زۆر باشە لەپاش رەسول گەردی حەزدەکەین ئەتو حەیران بڵێی، لەبەر ئەوەی لەکوردستان حەیرانبێژ گەلەك زۆرە، بەڵام نازانن حەیران بڵێن بە مۆسیقا، تۆ گوێت موسیقیە و لەتۆن دەرنا چیت، ئیدی لەپاش مردنی رەسول گەردی من حەیرانەکانی ئەوم گوتەوە، من هەموو کات حەیرانەکانی رەسول گەردیم گوتۆتەوە، حەیرانەکانی باوکم لەبەر دایکم نالێم، چونکە خەمی پێدەخوات، دەڵێ ئەوان مەرێ هەتا ئەمن مابم.

یەکەم حەیرانم لەساڵی ١٩٨٣ تۆمارکردووە بۆ عەبدوڵڵا ئیبراهیم برادۆستی، خاوەنی تۆمارگای ئیخلاس.

*** پێناسەی حەیران چییە؟**

– پێناسەی حەیران لەکاك خالید جوتیار گوێم لێبووە، هەروەها لە عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی و ئەسعەد عەدۆ و غەفوور مەخمووری و لەمیدیاکان بەردەوام ئەو قسانەم دووبارە کردۆتەوە، لەوانە فێربوویمە حەیران پێناسەی گەلەو حەیران و ساوار قەت پیر نابن، حەیران نەبی قەراج و کەندێناوە کەس ناویشی ناهێنی. بەپێی قسەی ئەو مامۆستایانە دەڵێن حەیران لەدەشتی قەراج و کەندێناوە و سنی و مرکی سەریهەڵداوە، بەڵام هەندێك بیرو بۆچوونیش هەیە دەڵێن لەدەشتی موکریان سەریهەڵداوە.

*** ژیانی تۆ لەتەیراوە بووە، چیت هەیە بۆ تەیراوە؟**

– لەداوەتی ساڵی پار، کە بۆ بیانیەکان بوو تا ئێمە ئەو کولتوورەی خۆمان پێشکەش بکەین، لەرێگای ئینستیتۆی کورد لەپاریس، لەهەموو چاوپێکەوتنەکان گوتیتم، هەزار شازەلیزا و نۆتردام و ئیڤرین و جنێف، هەمووی بە قوربانی زبڵەکەی تەیراوەی دەکەم، لەبن بورجی ئیڤل حەیرانم دەگوت تۆمارمان کردووە.

*** بەمافی خۆتی نازانی پەیکەرێکت لەتەیراوە بۆ دروست بکرێت؟**

– ناوەڵڵا، هەیە لەمن کۆنترو هونەرمەندتر، ئەو قوربەسەرانەی کە رۆیشتن و لەبرسان مردن، وەکو رەسول گەردی و تایەر تۆفیق و تەحسین تەها و فوئاد ئەحمەد زۆری دیکە، چیان بۆ وان کردووە تا بۆ منی بکەن.

*** چاو پێکەوتنێکت لە لۆزان رەفزکردوە لەبەر چی؟**

– ئێمە چووینە سویسرای لەجنێف، ٢ رۆژ مابوو بەرنامەکانمان دەست پێبکات، بارزان یاسین لەپەیوەندییەکانی دەرەوەی ئینستیتۆی کورد هاتە لای من گوتی کاك عارەب با بڕۆین چاوپێکەوتنێکی ٤٠ خولەکیت هەیە راستەوخۆ لەشاری لۆزان، گوتم کێندەر؟ گۆتی لۆزانە، گوتم وەڵڵا کاکە پێیان بڵێ من چاوپێکەوتن لێرە ناکەم، گوتم چونکە لێرە قوڕیان بەسەر وڵاتی مندا کردووە، دیاربوو ئەوان هەر تەماشای سەعاتیان دەکرد، گۆتیان ئەوە چی دەڵێ، ئەویش تەرجەمەکەی وەکو خۆی نەکرد، دیار بوو منیش هەرچەندە بەدڵم نەبوو بەس کردمان.

*** تۆ رات چییە لەسەر ئەو گەنجە گۆرانیبێژانەی کە کلیپ دەکەن؟**

– بەخوا ئەو کلیپە بەراستی شێواندنی هونەری گۆرانی کوردییە، گۆرانی کوردی وەها نییە، بەڵام ئەوانە ئەو جیلەی فێردەکەن لەلایان وایە گۆرانی کوردی ئەوها بووە، کچێك درێژ دەکەن، لەتەنیشتی پاڵدەداتەوە، بەخوا ئەوە بۆ کۆمەڵگای ئێمە ناگونجێت، بەڵام ئەوە هونەرەکە وای لێهاتووە، ئەوەی لەناو تەلەفزیۆنەکەیە جاحێرۆکەیە، بۆیە رێگایان پێ دەدەن.

ژنم دیتوە لە ٥ –٦ کلیپان هەر ئەو ژنەیە، گۆرانیەکان بۆتە هی جاحێران، تام و چێژی جارانیان نەماوە، حەیرانبێژ زۆرە، بەڵام ناڵێن، شەرمیان بەخۆیان هەیە، لەکۆمەڵگای کوردەواری خۆمان پێیان عەیب بووە لەتەلەفزیۆنان بەدیارکەون، حەیرانبێژی ئەوها هەیە لەو کوردستانەی بەخوای جەرگت لەگەڵ ژان دەکات وەکی حەیران دەڵێ.

*** ئێستا هەندێك گۆرانیبێژی گەنج هەن بە پانتۆڵ و تیشێرت و ملوانکەیان لەملی دایە حەیران دەڵێن، ئەوە چۆنە؟**

– ئەوانە فڕیان بەسەر حەیرانی کوردەوارییەوە نییە، هیچ رام لێیان نییە، گرفتەکە ئەوەیە ملوانکەیەکی لەملە، خەنافسی بەرداوەتەوە، بەکراس و پانتۆلەکی لەسەر چیای راوەستاوە و حەیرانیش دەڵێ، کابرا لەسەر چیا حەیران بڵێت دەبی جلوبەرگێکی کوردی لەبەردا بێت و کەپەنەکی لەبەر بی و داسێکی لەدەست بی لەئاقارەکی درونەی بکات، هەروەها بێتەوە شمشاڵیشی لەگەڵدا بێت.

*** دەڵێن کورەکانت دەنگیان خۆشە بۆچی رێگایان پێ نادەی ببنە حەیرانبێژ؟**

– هەرچەندە دەنگیان خۆشە، بەس من لێ ناگەڕێم حەیرانی بڵێن، چونکە کێشە و گرفتم زۆر تووش بووە لەژیان، بۆ ئەو کۆمەڵگایە بەسە ئەوەندە خزمەتم کردو تەواو، ماندوو بوومە.

*** رات چییە لەسەرکەناڵە کوردییەکان؟**

– ئاخر ئەو شوێنانە ئەو جاحێرۆکانەی تێدایە بۆیە هونەری کوردی وا بەپاش کەوت، ئەوان فڕیان بەسەر هونەری پێشترەوە نییە.

*** کاتێك لەوێ حەیرانت گوت بیانیەکان رایان چۆن بوو؟**

– چەندینجار داوایان لێکردووم دووبارە و دەبارەم کردووەتەوە، ئەوان زۆر سەرسامی ئەو رەسەنایەتیەنە، ژانی دڵم و چاوی چاوم و وەرە پەنا ئەو دارەی ئەوە نایخوا لەوێ، لەوێ بەدەیانجار موقابەلەیان کردووم، ئەوان زۆر موعجیبن بەحەیرانی کوردی، پێشتریش دەقی حەیرانەکانیان بۆ دەکرێتە زمانی خۆیان لەنامیلکەك و بەسەریان بڵاودەکرێتەوە.

*** باشە بۆچی زۆربەی ئێواران لەبری چوون بۆ کۆمەڵەو سەنتەرێکی هونەری دێیتە حوجرەکەی مزگەوتی حاجی حوسێن لەمنارە؟**

– کاتەکەم لێرە دەکوژم، ناچمە بازاڕ، حەز دەکەم گۆرانیبێژ هەموو کات دوورە شار بی، لەپێش چاوی خەڵك نەبی، هاموشۆیم لەگەڵ ئەو جیلەی ئێستا نییە.

*** بڕیار وانییە وەزارەتی رۆشنبیری گرنگی بە حەیران بدات؟**

– ئەوە سەرێ چەند ساڵان ئەو دۆرو زورنایەی لێدەدەن، هەر دەڵێن وەزارەتی رۆشنبیری ئەوانەی کە لەهونەری فۆلکلۆری کاردەکەن و حەیرانبێژو لاوك بێژەکان کۆدەکەینەوە و شوێنێکیان بۆ دابین دەکەین، لەوەتەی من بەبیرم دێت هەروا دەڵێن، حەیران هەر بەیەکجاری ئیهمال کرایە.

*** مام عارەب هەتا کەی هەر حەیران دەڵێت؟**

– تا لەتوانامدا بی دەیڵێم، لەبەر ئەوەی نانەکەم لەسەر ئەوەیە، سەرتاشخانەم بەلاشە، تاکسیم بەلاشە، چێشتخانەم بەلاشە.

*** حەیران؟**

– حەیران هەوێنێکە لەناو دڵی من، پێناسەی ئەو میللەتەشە.

*** تەیراوە؟**

– عارەب عوسمان بەبێ تەیراوە ناژیت.

*** مامۆستا رەسول گەردی؟**

– یەکێك بوو لەهەرە دۆستە نزیکەکانی ئێمە، ئەویش ئەمری خوای کرد، ئێمەش ئەو زەوقەمان نەما.

*** کلیپ؟**

– ئەمن رقم لەو وشەیەیە.

*** بورجی ئیڤل؟**

– ئەوە شانازیم پێوەکرد، بەو جلوبەرگ و کلاش و پشدێن بە قەفە کوردییەی ئێمە چووینە بن بورجی ئیڤلێ، ئەو میللەتەی خۆمان بەوان ناساند.



عارەب عوسمان لە سویسرا ساڵی ٢٠٠٥